ناوچەی پشدەر

هەرێمی کوردستانی عێراق



# ژیانێکی شێوێنراو

## کاریگەریەکانی هێرشەکانی سەر سنور بۆ سەر گوندنشینە کوردەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن تورکیا و ئێرانەوە

ڕاپۆرتێکە پێشکەش کراوە لایەن تیمەکانی دروستکەری ئاشتی مسیحی CPT - کوردستانی عێراق



٢٠١١

٢٠١٢

## تیمەکانی دروستکەری ئاشتي مسیحی

### "بنیاتنانی هاوبەرژەوەندی بۆ گۆڕیني توندوتیژی و ستەم و زۆرداری"

تیمەکانی دروستکەری ئاشتی مسیحی CPT وەك ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بۆ مافی مرۆڤ کاردەکات بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی, بۆ هیچ جۆرە قازا نجێك کارناکات , ڕێکخراوێکی ناحکومی یە. CPT ناتوندوتیژی پێشکەش دەکات وەك ئەڵتەرناتیف بۆ شەڕە کوشندەکان و ململانێکان , هاوپشتیوانی و پشتگیری ئەو کەس و گروپ و کۆمەڵگایانە دەکات کە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە و ناتوندوتیژیان وەك ئەڵتەرناتیف هەڵبژاردووە. CPT هاوڕێیەتی ئەو کۆمەڵگایانە دەکات کە بە هۆی توندوتیژیەوە پێکراون, بە بەڵگە و دوکومێنت کردنی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ و داکۆکیکردن لە ڕێگەچارە ناتوندوتیژیەکان.

CC BY NC SA

This report is released under **Creative Commons** license.

هەموو دام و دەزگا و لایەن و خەڵك ئازادن لە بلاْوکردنەوەو بەکارهێنانی ئەم ڕاپۆرتە بە مەرجێ هیچ دەستکەوتێکی ماددی و بەرژەوەندی کەسی تێدا نەبێت , تکا ئەکەین لە کاتی بلاْوکردنەوەشدا ناوی CPT ئاماژەی پێبکرێت. لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیمان.

# ناوەڕۆك


## پێشەکی

- ناوچەی پشدەر
- تێڕوانینێکی گشتی لە هێرش و بۆمبارانی ناوچەی پشدەر
- سەردانەکانمان
- کاردانەوەی گوندنشینەکان بەرامبەر سەردانکەرە نێودەوڵەتیەکان و نێوخۆییەکان

## کاریگەری و ئەنجامەکانی هێرش و بۆمبارانەکان

- گوندنشینە لێقەوماوەکان
- بریندارانی گوندنشینان
- جێگۆڕکێی گوندنشینان
- وێرانکاریەکانی بەروبومە کشتوکاڵی و ئاژەڵیەکان و تێکچونی خواردن و خواردنەوە
- خانووە وێرانەکان
- قوتابخانە وێرانەکان
- کاریگەریە دەروونی و کۆمەلایەتیەکان لەسەر مندالآن و خێزانەکان

## تەنگوچەڵەمەکان و ئاستەنگیەکانی گوندنشینان

## دەرەنجام

## بانگهێشت بۆ کارکردن

# پێشەکی

ئێمە ئەوە دەزانین کە زۆرن ئەو ناوچە سنوریانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا دەکەونە بەر شالاوی هێرشی وولاتانی تورکیاوئێرانەوە بە بیانوی بونی ( PKK-PJAK ). ڕا پۆرتەکەمان بەتایبەتی تیشك دەخاتە سەر قەزای پشدەر کە لە هاوین و پاییزی ٢٠١١ هێرش و بۆمبارانی ناوچە سنوریەکان رویاندا لەلایەن وولاتانی تورکیاوئێرانەوە , هەوڵ دەدات بۆ خستنە رووی ئەنجام و ئەو کاریگەرەیە قوڵانەی کە خەڵکانی ناوچە شاخاویەکان ڕووبەڕوی دەبنەوە و پێویستە مامەڵەی لەگەڵ بکەن لەکاتی هێرش و بۆردومانی ناوچە سنوریەکان و پاشتریش.

داتاکانی کە لەم ڕا پۆرتەدا بەکارهاتوون لە چەندین چاوپێکەوتن وەرگیراوە کە ( تیمەکانی دروستکەری ئاشتی مسیحی CPT ) ئەنجامیداوە لەگەڵ گوندنشینان هەروەها سەرچاوەی میدیای و ڕا پۆرتەکانی لەخوارەوە ئاماژەیان پێکراوە وەرگیراون.



خانمێك کە قۆڵی بریندارە بەرکەوتووی بۆمبارانەکانە چاوی بە یەکێك لە ئەندامانی CPT دەکەوێت لە پردی مەنگۆڕایەتی

زانیاریمان هەیە سەبارەت بە سێ ڕا پۆرتی پێشکەشکراو دەربارەی هێرش و بۆمبارانی ناوچە سنوریەکانی (کوردستانی عیراق ) لەساڵی ٢٠١١ لەلایەن ولاتانی ئیران و تورکیاوە. ئەمانە ڕا پۆرتی چاودێری مافی مرۆڤن کە لە ٢ی ئەیلولی ٢٠١١ دەرچوە بەناونیشانی "هێرشەکانی سەر سنور لە کوردستانی عیراق پێویستە بەدوور بێت لە خەڵکانی سڤیلی عیراقی"[1] ، ڕا پۆرتی فیدراسیۆنی ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی لە سلێمانی لە مانگی ئەیلولی ٢٠١١ بلاوبووەوە بە ناونیشانی "تورکیا و ئێران: کوشتنی خەڵکانی سڤیلی هەرێمی کوردستان و بەزاندنی سنووری عێراق"، ڕا پۆرتێکی تری ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ لە بەرواری ٢٠ی کانونی یەکەمی ٢٠١١ بلاوکراوەتەوە بە ناونیشانی "دواین هێرشەکانی سەر خەڵکانی سڤیلی کوردستانی عیراق"[2].

سەرچاوەیەکی گشتگیر لەسەر پاشکۆو مێژوی هێرشەکانی سەر سنور و ئەو بەربەرەکانیەی کە دروست بوە بۆ دانیشتوانی ناوچە سنوریەکان نوسراوەتەوە و بلاوکراوەتەوە لەلایەن CPT لەساڵی ٢٠١٠ بەناوی "لە کوێ پەیمان هەبێت مەرگەساتی لێیە "کە باس لە هێرش و تۆپبارانکردنی ناوچە سنوریەکانی هەرێمی کوردستان دەکات لەسەر سنور لەلایەن دەسەلاتدارانی تورکیاوئێرانەوە"[3] .

---

1 http://www.hrw.org/news/2011/09/02/iraqi-kurdistan-cross-border-attacks-should-spare-iraqi-civilians
2 http://www.hrw.org/news/2011/12/20/iranturkey-recent-attacks-civilians-iraqi-kurdistan
3 http://www.cpt-iraq.blogspot.com/2010/07/blog-post.html

## ناوچەی پشدەر

قەزای پشدەر ناوچەیەکی شاخاویە دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای باکوری پارێزگای سلێمانیەوە کە هاوسنورە لەگەڵ ئێران و زیاتر لە٨٠ کیلۆمەتر دوورە لە سنووری تورکیا لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە. زۆری ناوچەکە بە چیای بڵند و سەخت دەورەدراوە کە چەندین گوندی لەسەرەو بۆتە ماڵ و حاڵی گوندنشینان و شوانکارەکان بە شێوەیەکی وەرزی ئەم ناوچانە بەکاردەهێنن . هەندێ لە ناوچە سەختەکانیش لەلایەن جەنگاوەرە گەریلاکانەوە ( PKK – PJAK ) بەکار دێت کە جەنگێکی سوکیان لەدژی کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیا هەڵگیرساندوە، کە سنورەکانی بە چیاکاندا شۆڕبۆتەوە. کۆماری ئیسلامی ئێران و هەروەها تورکیاش بوونی جەنگاوەرە گەریلاکان وەك بەهانەیەك بەکاردێنن بۆ بۆمباران و هێرش کردنە سەر ناوچەکە. هەرچەندە گەریلاکان لە ناو ئەو گوندانەدا ناژین کە قورسایی ئەو چالاکیە سەربازیانە هەڵدەگرن.

## تێڕوانینێکی گشتی لە هێرش و بۆمبارانی ناوچەی پشدەر

ناوچە سنوریەکان بە شێوەیەکی بەردەوام بۆمباران کراوە لەماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا. ئەم کارە بەشێوەیەکی گشتی لە مانگەکانی هاویندا دووبارە دەبێتەوە کاتێك کە جوتیارانی ناوچەکە کێڵگەکانیان دەکێڵن و شوانەکان ماڵاتەکانیان دێنن بۆ لەوەڕ لە کوێستانەکان، هەرچەندە بۆمباران بەدرێژایی ساڵ بە شێوەی پچڕ پچڕ دوبارەش دەبێتەوە,ئەم هێرشانە لە سەرەتای ساڵانی نەوەتەکانەوە دەستی پێکردووە بەلاّم بەو شێوەیە بەردەوام نەبووە کە لە ٦ ساڵی ڕابردوودا ساڵانەو لە هەمان وەرزدا تۆپباران کراون , لە هاوینی ساڵی ٢٠١١ هێرش و بۆمبارانی قەزای پشدەر قورستر بوو لەو ئەزمونەی کە هەیان بوو لە پێنج ساڵی ڕابردوودا.

زۆربەی هێرش و بۆمبارانی ساڵی ٢٠١١ لەناوچەی پشدەر لەماوەی سێ مانگی هاویندا ڕوویدا، هەرچەندە چالاکی سەربازی لە شوێنەکانی تردا هەبوە بەشێوەی بچڕ بچڕ. لە ١٦ی تەموزدا ژمارەیەکی نەزانراوی سەربازی ئێرانی بەمەبەست سنوریان بەزاند و بۆ چەندین ڕۆژی بەردەوام چالاکی سەربازیان ئەنجامدا لە قوڵایی چەندین کیلۆمەتر لەناو خاکی هەرێمی کوردستان.

لە ٢١ ئابداخێزانێکی حەوت کەسی (لەناویاندا دوو کۆرپەی تەمەن٦ مانگ و ١٨ مانگ هەبوون) لەئەنجامی هێرشەکانی فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا کوژران لەکاتێکدا کە سەرنشینی پیکابێك بوون و هاموشۆیان لەسەر ڕێگایەك دەکرد کە هەمیشە بەکار هاتوە بۆ گواستنەوە. هەروەها لە بەرواری ٢٢ی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ جارێکی تر فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا بۆردومانی ناوچەکەیان کرد و لە ئەنجامدا شوانێك بریندار بوو چەندین باخ و پوش وپاوەن و خانووی گوندنشینان وێرانکران, ئەمە جگە لەوەی زۆر جارو بە بەردەوام فڕۆکە جەنگیەگان و فرۆکە سیخوریەکانی تورکیا بە ئاسمانی ناوچەکەدا دەسوڕێنەوە.

## سەردانەکا نمان

CPT لە ساڵی ٢٠٠٨ وە پەیوەنـدی لەگـەڵ گوندنشـینانی پشـدەر دروسـتکردووە و گەشـەی پێـداوە و تەنانەت لەگەڵ ئاوارەکاندا ماوەتەوە بۆ ئەوەی زیاتر لە ڕەوشی نالەباری ژیانیان تێبگات بۆ ئەوەی پەیوەندی بەو ڕێکخراو و لایەنە پەیوەندیدارانەوە بکات بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان .

CPT لە سەردانەکانی دا لە ساڵی ٢٠١١ بۆ کەمپی ئاوارەکانی گوندەکانی گۆجار و پردی مەنگوڕایەتی کە بە (پردی حەسۆ ) ناسراوە لە مانگەکانی ئاب تاوەکوو ئۆکتۆبەر . هەروەها لە مانگەکانی پاشتریش تاوەکوو ئێستا بۆ گوندەکانی سونێ و زیۆکە ,هەروەها بە بەردەوام سەردانی ئەو خێزانە دەکەین کـە خـەڵکی بەسـتەیەو لـە ژاراوە نیشتەجێیە, هەرەوها لە ٢٠ی تشرینی یەکەم شـاندێکی نێودەوڵـەتی CPT سـەردانی گونـدی سـونێ و کەمپـە چۆڵکراوەکەی ئاوارەکـانی گونـدی گۆجاریـان کـرد. هـەروەها هەنـدێك زانیـاری پەیوەندیـدارە بـە گونـدەکانی دەوروبەرەوە وەك ئالیە ڕەش و زێوکە هەندێ لە گونـدەکانی تریـش، خـەڵکی گونـدی سـوونێ و بەسـتە زۆرترینی زانیاریەکانیان دەستەبەر کرد.



ئە نجومەنی گوندەکان لە کەمپی پردی مەنگۆڕایەتی لە گەڵ ئەندامانی CPT هاوبەشی دەکەن

### ئاما نجی سەردانەکان بریتین لە:

- بۆ دەربڕینی پشتیوانی بۆ گوندنشینە ئاوارەکان و گوێ گرتن لە چیرۆکەکانیان.
- لێکۆڵینەوە لەوەی کە چۆن ئەم دۆخەی ئێستا کاریگەری هەیە لەسەر ژیانی ڕۆژانەیان.
- بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ گوندنشینەکان.

- بەبەڵگەو دۆکیومێنت کردن و وێنەگرتنی ئەم دۆخەی ئێستا.
- ئامادەکردنی ڕاپۆرت بۆ بڵاوکردنەوەو خستنەبەردەستی هەموو ئەو وێنانەی کە دۆخی ئێستا نیشان دەدات بەهیوای بەرزکردنەوەی هۆشیاری و پاڵپشتی بۆ گوندنشینان و کۆتایی پێهێنانی خێرا بۆ ئەم هێرشانە.
- ئاما نجێکی ترمان ئەوەیە کە ئەو پەیامە بە گوندنشینان بگەیەنین کە ئێمە هەرگیز ئەوان لە بیر ناکەین سەردانەکا نمان و کارەکا نمان لە کاتی نە بوونی بۆمبارانەکانیشدا بەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی ئەو ژیانە سروشتیە جوانەی هەیانە بگەیەنینە ئەوانەی دەیانەوێ ژیانیان بشێوێنن.

## کاردانەوەی گوندنشینەکان بەرامبەر سەردانکەرە نێودەوڵەتیەکان و نێوخۆییەکان

لە بەدواداچوونی گفتوگۆیەکی تیمی CPT دەربارەی سروشت و گونجاوی سەردانەکا نمان و هیواو و ئاواتی گوندنشینەکان، قسەمان لەگەڵ گوندنشینەکان کرد دەربارەی ڕاو سەرنجیان بەرامبەر هاتنی سەردانکەرەکان و گرتنی وێنە و ئامادەکردنی ڕاپۆرت. گوندنشینەکان گوتیان کە ئەوان دڵخۆش و بە پەرۆش بوون بۆ سەردانکەرەکان بۆ گوێگرتن لە چیرۆکەکانیان و نوسینی راپۆرت و گرتنی وێنەکانیان. هیوایان وابوو کە ئەو زانیاریانە بەهەموو کوردستان و عیراق و سەرا پای جیهاندا بلاو ببێتەوە، بۆ ئەوەی هۆشیاری خەڵك بەرامبەر ئازار ومەینەتیەکان بەرزکرێتەوە بۆ بەدەستهاتنی پشتگیری نێوخۆیی و نێونەتەوەیی و هەوڵ دان بۆ وەستاندنی ئەو هێرشانە. هەروەها وتیان کە هەستیان بە بەهاو ڕێزێك کردوە کاتێك میوانەکان سەردانیان کردوون.



پیاوێکی بەرێز لە کەمپی مەنگۆرایەتی هیوای وایە هۆشیاری نێودەوڵتی بەرزکرێتەوە بۆ هاو پشتیوانی گوندنشینان و کۆتایی هێنان بە هێرشەکان

دوو بابەت وروژێنرا، یەکەمیان ئەو ترسە بوو لەوەی کە میوانەکان پارەو سامانێکیان دەستکەوێت لە ڕاپۆرت و وێنەکانیانەوە کە ناگاتە لای گوندەکان. دووهەمیان ئەو هیوایە بوو کە میوانەکان کاریگەر بن لەبارەی چی ئەتوانن بکەن و بیکەن لەبارەی ئەوەی چی ئەکەن دەربارەی ئەم زانیاریانەی کۆیان کردۆتەوە. گوندنشینەکان تێگەیشتن و ڕاست بوون سەبارەت بەوەی کە مەرجنیە هەموو ئەوانەی سەردانیان دەکەن چارەسەرێك پێشکەش بکەن سەبارەت بە تۆپبارانەکان یاخود پێدانی شمەك بۆیان.

## کاریگەری و ئەنجامەکانی هێرش و بۆمبارانەکان

هێرش و بۆمبارانی ناوچە سنوریەکان بە درێژایی سنورەکانی هەرێمی کوردستان کاریگەری لەسەر زۆر لایەنی ژیانی خەڵکانی ناوچەکە هەیە. ئێمە لێرەدا زیاتر باس لەم ناوچەی پشدەر دەکەین , گواستنەوەی گوندنشینان و هێنان و بردنیان لە جێگەوماڵەکانیان بۆ چادرگەی ئاوارەکان و جگە لەو ڕووداوە تراژیدیایە چەندین شوانکارو گوندنشین کوژراون و بریندار کراون لە ڕێی بۆردومان و هێرشی فرۆکە و تەنانەت تەقەکردنی سەربازەکانیش بە درێژایی ناوچە سنووریەکان.

### گوندنشینە لێقەوماوەکان

لەبەرواری ٢١ی ئاب ٢٠١١ خێزانێکی ٧ کەسی گیانیان لەدەستدا لەکاتی هێرشکردنە سەر سەیارەکەیان لە لایەن فرۆکە جەنگیەکانی تورکیاوە کە لەسەر ڕێگایەکی گشتی شاخاویدا بوون.

### برینداری گوندنشینان

لە بەرواری ٢٢ ی تشرینی دووەم گە نجێك بە ناوی ئیسماعیل باز حمید تەمەن ٢٠ ساڵ بریندار بووە بە هێرشی فرۆکە جەنگیەکانی تورکیا, گوندنشینەکانی گوندی سونێ ڕایانگەیاند کە ژنێك بە سەختی بریندار بووە و دووپیاویش بە هۆی تۆپبارانەکانی ئێرانەوە لە هاوینی پاردا .



چەند بۆمبێکی تەقیو کە لە گوندی سونێ کۆکراوەتەوە

## جێگۆڕکێی گوندنشینان

لە دەرئە نجامی هێرش و تۆپبارانەکان زۆرێك لە گوندنشینان بە ناچاری گوندەکانیان جێهێشت لە نێوان مانگەکانی (٧ و ٨ و ٩ و ١٠ ) لە گوندی بەستە و ڕەزگە لەگەڵ ئەوانی تردا، لە چادرگەی ئاوارەکانی پردی مەنگورایەتی مابونەوە. گوندنشینەکانی سونێ و ئالیە ڕەش و زێوکە و ئەوانی تریش گوازرانەوە بۆ چادرگەی ئاوارەکانی گۆجار.هەندێك لە خێزانەکان لەگەڵ خزم و کەسوکارەکانیان لە شارۆچکەکاندا دەژیان وەك ژاراوە , سەنگەسەر , قەلادزێ , ڕانیە یا خود لە خانووی کرێ دا نیشتەجێ دەبوون جارهەبووە چەند خێزانێك پێکەوە لە یەك خانوودا بوون . دەتوانرێت ناوو ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە چادرگەی ئاوارەکاندا دەژیان لە ڕا پۆرتی فیدراسیۆنی ئاماژە پێکراودا بدۆزرێتەوە.



کەمپی ئاوارەکانی پردی مەنگۆرایەتی کە بە ( پردی حەسۆ ) ناسراوە

دەسەلاتی نێوخۆی و چەندین ڕێکخراو هەستان بە دابینکردنی تەوالێت و حەمام و هەندێك چادر و تانکی ئاو بۆ چادرگاکە. هەرچەندە کۆمەکی خۆراك و شمەك و هەندێك پارە هەبوو بەلام گوندنشینەکان گوتیان یارمەتی زیاتریان دەوێت بەتایبەتی لەلایەن دەسەلاتی نێوخۆییەوە.

چەندین گروپ و ڕێکخراو هەستان بە سەردانکردن و را پۆرت ئامادەکردن و ڕەسم گرتن. گوندنشینەکان گوتیان چەندین بەڵێنیان پێ دراوە سەبارەت بە یارمەتی، لەوانەش بەڵێنی جێگۆڕکێیان بۆ شوێنی گونجاوتر و دروستکردنی کەمپی باشتر و قەرەبوییەکی گونجاو لەبەرامبەر ئەو زەرەرانەی لێیان کەوتوە لە دێهاتەکانیان، بەلام ئەمانە هیچیان مایەی شانازی نەبوون بۆ هەندێك لەگوندنشینەکان کە هەستیان دەکرد بێکەسن.



کەمپی ئاوارەکانی کۆجار

لە ٩ ی تشرینی یەکەمدا دەسەڵاتی نێوخۆیی هەستا بە سەردانکردنی چادرگەی گۆجار و بە ئاوارەکانیان گوت کە چادرگاکە چیتر یارمەتی نادرێت. هەروەها دەسەڵات بە گوندنشینەکانیان گوت کە لە رۆژی داهاتودا موەلیدەو عەمباری ئاوەکان لادەبرێت. لە بەرواری ١٠ی تشرینی یەکەمدا دوو ئەندامی CPT ئامادەبوون و شایەتی لێکردنەوەو لابردنی موەلیدەکە بوون، هەروەها هەموو ئاوی ناو تانکیەکان بەتاڵکران و لابران. لەکۆتایی رۆژیشدا چادرگەکە چۆڵ بوو و هەموو گوندنشینەکان گەڕانەوە بۆماڵەکانی خۆیان بە ترسەوە.




کەمپی نوێ ی ئاوارەکان کە لە دروستکردندایە چەند کیلۆمەترێك لە کەمپی کۆجارەوە نزیکە

لە مانگی شوباتی ٢٠١٢ تیمەکانی CPT چەند نشینگەیەکی نیمچە هەمیشەیی تازەیان بینی کە دروست دەکرێت بۆ گوندنشینەکان لەنزیك چادرگەی گۆجار لە پێشبینی کردنی دەستپێکردنەوەی هێرش و تۆپبارانی ناوچەکە لە هاوینی داهاتودا.

## وێرانکاریەکانی بەروبومە کشتوکاڵی و ئاژەڵیەکان و تێکچونی خواردن و خواردنەوە

بەهۆی ئەوەی کە گوندنشینەکان لە کێڵگە و باخـەکانیان دوورکەوتونەتـەوەو لـە چـادرگەی ئاوارەکانـدا دەژین، توانای ئەوەیان نەبوو کە بەروبومەکانیان بدرونەوە. جگە لە هەندێك شمەکی بەخشـراو پێیـان ئەوا زۆری ئەو خواردن و خواردنەوانە دەبێت لە شارە نزیکەکان بهێنرێت و بگوێزرێتەوە. لە چادرگەکەدا ساردکەرەوەیەکی کـەم هەیە، بەمانای ئەوەی کە خۆراك زۆر زوو خراب دەبێت. سیستمی خۆراکی گوندنشینان لە خـۆراکی فرێـش و تـازەوە گۆڕا بۆ خـوراکی چـاککراو. ئەم هـەموو فاکتەرانـە بەیەکـەوە لەگـەڵ گرانـی پارێزگـاریکردنی تەندروسـتی لـە چادرگەکەدا بوە هۆی نەخۆشی، بەتایبەتی لەنێو منداڵاندا.

لە گوندەکاندا کاریگەری تۆپباران و ئە نجامی تەقەکان و پیس بوون بەهۆی شوشە و پارچـەوە (پارچـەی بچوکی مەعدەنی لـە ئە نجـامی تۆپبارانـەکان) کێڵگـەو بـەروبومی کشـتوکاڵی و عـەمباری خـۆراکی تێکـداوەو و ئاژەڵەکانیانی لەناوبردوەو بریندار کردوە. پاشماوە ژەهراویەکانی تەقینەوەکان هەوای ناوچەکەیانی پیسکردوە و گوندنشینەکان دڵگرانی ئەوەن کـە بـەردەوام بـوونی تۆپبارانـەکان لەوانەیـە سەرچـاوەکانی ئـاوو پیـس بکـات. زەرەرەکانی ناوگوندی سونێ و دەوروبەری تەنها خانووەکان نەبووە بەڵکو زەرەری کشتوکاڵی زۆرتربووە ,بە هــەزاران دۆنم لە گژوگیا سوتـاوە , باخ , ڕەز,دارودەوەن. زۆرینەی بەروبومی کشتوکاڵی گوندەکان شکستی هێنا لەبـەر ئەوەی گوندنشینەکان نەیانتوانی ئاوی بدەن و بەڕێوەی بەرن لەکاتی هاویندا. بەروبومی هاوینـە کـە هەمیشـە خـۆراکی فرێش و تازە دابین دەکات بۆ خێزانەکان، خۆراك بۆ فرۆشتن و خۆراك بۆ وشك کردنەوە بـۆ وەرزی زسـتان، بەشـێکی زۆری فەوتا. بۆ نمونە، گوندنشینێك گوتی کە هەمیشە دەسکەوتی لەنێوان ٦٠ - ٧٠ سـندوقی گـەورە لەبـەروبوم هەبوە هەموو ساڵێك لەکیلگەکەی , ساڵی پـار توانـای نـەبوە کـە ئەو دەسکەوتە پڕ بکاتەوە.



بەروبوومەکانی گوندی سونێ کە بە هۆی هێرشەکانەوە وێران بوون

گوندنشنیەکان زۆر پشـت دەبەسـتن بـە مـەڕوماڵاتیان، لەوانەش بزن و مـاڵات و مریشـك و مانگا بۆ شیرەمەنی و هێلکە و گۆشت و خوری (بەشێوەیەکی سـەرەکی بـۆ نـاواخنی دۆشـەك و سـەرین). زۆرینـەی گوندنشـینەکان ناچـار بـوون ئاژەڵـەکانیان بفرۆشـن بـۆ ئەوەی پارەی خۆراك و شمەکیان بدەن لەکاتی مانەوەیان لە چادرگەی ئاوارەکـان. یـەکێك لـە گوندنشـینەکان لـە گوندی ( بەستە ) بە CPT ڕاگەیاند کە بە هۆی ژەهراوی بـوونی ئاوی ناوچـەکەوە ١١٨ سـەر مـەڕی لەناوچـووە هەروەها گوندنشینێکی تریش ٣٣٠ سەر مەڕی تیاچووە بە هۆی هەمان هۆکارەوە لە هەمان گونـد . زۆرینـەی خـەڵك توانای نیە کە ئاژەڵەکانیان جێگۆڕکێ پێ بکەن یاخود ئاژەڵی تر بکڕن . ئەمە بۆتە هۆی کێشەیەکی ئابوری قـورس بۆ زۆر کەس لە گوندەکەدا.

## خانووه وێرانەکان



سەقفی خانوویەك كە بە هۆی بۆمبەوە كون بووە - گوندی سونێ

ماڵە قوڕینەکانی گوندنشینەکان کە لەبەرد و قوڕ دروستکراوە کە بەردەوام پێویستیان بە چاککردنەوە هەیە بۆ ئەوەی بە ساغ و سەلامەتی و قایم بمێنێتەوە. کاتێك کە ئەم چاککردنەوەیە لەبار نەبوو بۆ چەندین هەفتە، خانووەکان گیرۆدەی داڕمان و زەرەرو زیانی بەرچاو کەوتبون و هەندێکیان لە مەترسی داڕماندا بوو.

زۆرترینی زیانە سەختەکان لەو خانوانە کەوتبو کە بۆمبەکان لەسەر سەربانەکانیان تەقیبووەوە لە پەنجەرەکانیەوە چوبوە ژورەوە. هەروەها شەپۆلی لەرینەوەکان و پارچەکان بونە هۆی چەندین زەرەر و زیانی تر بۆ دەرگاو پەنجەرەکان.

جیا لە مەترسیە تەندروستیەکان و مەترسی سەر ژیان، تێچوونێکی زۆری ئابووری لەسەر ناوچەکە کەوت لەئەنجامی چەندین جار دوبارە چاککردنەوەی خانوەکان.



شکاوی شووشە بە هۆی تۆپبارانەوە - گوندی سونێ

## قوتابخانە وێرانەکان

هەندێك قوتابخانە زەرەرمەند بوون بەهۆی ئەو هێرشانەوە،گوندی سونێ لە سەرو بەندی بۆمبارانەکاندا ٣ ڕاجیمەی بەردەکەوێت کە زەرەروزیانەکانی بە ( ٧,٠٠٠,٠٠٠ ) دیناری عێراقی مەزەندە دەکرێت بە پێی ئەو زانیاریانەی بە دەست ئێمە گەیشتووە . تاوەکوو ئێستاش بەشێکی زۆری نۆژەن نەکراوەتەوە . هەندێك لە قوتابخانەکان ئەزمونی کەمی مامۆستایان هەبووە لەبەر هۆکارەکانی سەلامەتی. لەسەرەتای ساڵی خوێندندا لەمانگی ئەیلولدا منداڵان و خوێندکارە گەنجەکان هێشتا لە چادرگەکاندا بوون. هەندێك لە گوندنشینان توانای گەشتنیان نیە بە قوتابخانەکان بە هۆی بێ ڕێگاییەوە، کەواتە بۆ گەیشتن بە نزیکترین قوتابخانەی کراوە خوێندکارەکان پێویستە کاتژمێرێك زیاتر بە پێ بڕۆن بەناو شاخەکاندا بۆ گەیشتن بە قوتابخانەکان. هەندێك لە گەنجەکان، بەتایبەتی کچەکان نائومێدن لە ئەنجامدانی ئەم ڕۆیشتنە هەموو ڕۆژێك , لەبەرئەوەیە کە ئێستا ناچنەوە بۆ قوتابخانە.



قوتابخانەی سونێ لە ژێر چاککردنەوەدا پاش وێرانکردنی



زیانەکانی شەپۆلە لەرینەوەکان لە قوتابخانەیەك - گوندی زێوکە

لەسەرەتای دەستپێکردنی وەرزی نوێی خوێندن لە مانگی ٩ دا قوتابییان و منداڵانی کەمپی کۆجار بێ قوتابخانە بوون.

پێویستە ئەوەش بووترێت بۆ یەکەم جار لە ناو کەمپی کۆجار قوتابخانەیەك کرایەوە بە ناوی قوتابخانەی ( کەمپی کۆجار) کە ( ٤ ) قوتابخانەی لە خۆ گرتبوو (سونێ , زێوکە , ئالیەڕەش , بەردەقسل).

## کاریگەریە دەروونی و کۆمەلأیەتیەکان لەسەر مندالأن و خێزانەکان



ئەزمونە بە ئازارەکان ڕەنگی داوەتەوە لە هونەری مندالأن

گوندنشینەکان هەستی جیاوازیان هەیە سەبارەت بە گەڕانەوەیان بۆ ناو ماڵ وحاڵی خۆیان پاش ئەوەی کە چادرگەکان جێدێڵن . هەستەکانیان دڵخۆشی و دڵتەنگی و ترس و توڕیی لەخۆگرتبوو هەروەها دودڵی لە پاشەڕۆژی خێزانەکانیان و گوندەکەیان.

هەرچەندە زۆرێك لەمندالأن دڵخۆش بوون بە گەڕانەویان بۆ زێدی خۆیان، هەندێکی تریان نەخۆشی مانەوە بوون لە چادرگەکان و هەندێکی تریان توشی شۆك بوون لە دۆخەکە، زۆر مەترسی دووبارە دەستپێکردنەوەی تۆپبارانیان هەبوو. ئەم فاکتەرانە کاری لە هەموو خێزانەکان و گوندەکە کردبوو. دایك و باوکان نەیان دەتوانی وەلأمی پرسیاری منداڵەکانیان بدەنەوە سەبارەت بە "ئایا تۆپبارانەکە کۆتایی هات؟" "بۆ کویٚ دەچین؟ چی بکەین ئەگەر تۆپباران دەستی پێکردەوە؟" و "بۆچی وامان بەسەر هات؟" هەندێکیان زۆر منداڵن بۆ ئەوەی لەوەلأمەکان تێبگەن. هەندێکی تر لە خێزانەکان گوتیان کە منداڵەکانیان پرسیار ناکەن- تەنها ئەوەی لەتوانایاندا بوو بۆیان کردن. هەرچەندە کە مامۆستایەك گوتی کە لەکاتێکدا چەندین گەنج هەوڵیان دەدا لەسەر دۆخەکە بدوێن، هەمیشە لەکارەکانیاندا دۆخەکە ڕەنگ دەداتەوە لەشێوەی هونەر و شیعر و نەخشەکێشاندا. ئەو وێنانەی بەکارهاتوون لە ڕاپۆرتەکەماندا قوتابیانی گوندی سونیٚ کێشاویانە , کە سەرنجی ئێمەی راکێشا و بەکارمان هێنا.



قوتا بخانەی بنەڕەتی گوندی سونیٚ

گوندنشینەکان لە چادرگەی ئاوارەکاندا خەم وئازارەکانیان دەربڕی سەبارەت بە بوونیان لەدۆخێکی ئاوەها دا. هەستیان وابوو کە کەرامەت و پیرۆزیەکانیان بە سەختی لێدراوە بەوەی کەناچار کراون لە چادرگەکاند گوزەران بکەن لەدۆخێکی ئاوەهادا. هەستێکی وا هەبوو لەلای هەندێك لە نێرینەکانی گوندنشینەکان کە ئەوان شکستخواردوو بوون لەبەرئەوەی نەیانتوانی بوو کەشێکی ئارام بۆ خێزانەکانیان دەستەبەر بکەن.

# تەنگوچەڵەمەکان و ئاستەنگیەکانی گوندنشینان

گوندنشینان لەوە دەترسن کە گوندەکانیان بڕوخێت، دانیشتوانیش تا دێت بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات. ڕاپۆرتەکان وا دەردەخەن کە بەتەنها لە گوندی سونێ لانی کەم هەشت خێزان لە هاوینی ساڵی ڕابردوو گوندەکەیان بەجێهێشتوەو زۆرینەیان ڕوودەکەنە قەلادزێ. سێ هۆکاری سەرەکی هەبوو بۆ دابەزینی ژمارەی دانیشتوانی گوندەکان: ئەویش بریتی بوو لە سەلامەتی و ئاسایش و کەمی قوتابخانەکان و کەمی خزمەتگوزاریەکان.



خانمان کاتێکی خۆشیان هەیە لە ڕۆژە ئارامەکان - گوندی سونێ - بەهاری ٢٠١٢

- **سەلامەتی و ئاسایش:**

هەندێ لە گوندنشینەکان گوندەکانیان بەجێ هێشتوە لەبەر ئەوەی کە چیتر ناتوانن بەرگەی ئەو پەستانە زۆرەی لەسەریانە لەئەنجامی هێرشەکانی سەر سنور و ڕاگواستن بۆ چادرگەی ئاوارەکان، ئەمە دەیانخاتە بەردەم دۆخێکی ئابوری لاواز کاتێك ماڵ و زێدی خۆیان بەجێدێڵن، زۆر لە موڵك و ماڵیان و زەویەکانیان بەجێدێڵن. هەندێ لە دێهاتەکان زۆر نزیکن لە سەر سنوری ئێرانەوە و بە بەردەوامی هێزەکانی ئێرانی ئامادەن و ژمارەیان لە زیادبووندایە و لەسەر چیاکانی پشتیانەوە جوڵە دەکەن.

- **قوتابخانەکان:**

لە بەر نەبوونی قوتابخانە لە هەندێ لەگوندەکان ونەبوونی قوتابخانەی ئامادەیی لە دێهاتەکاندا واتا هەموو ئەو قوتابخانانەی کە هەن بنەرەتین لە پۆلی (١ بۆ ٩ ) بۆ قۆناغی ئامادەیی خوێندکاران دەبێ بچنە قەلادزێ . تەنانەت لە هەندێ گوند بینای قوتابخانە هەیە بەلام هیچ پێداویستی تیانیە ، ئەوا قوتابیەکان ناچارن کە ڕووبکەنە ماڵی هاوڕێ و خزمەکانیان لە نزیکترین شاری گەورە (زۆرینەی جار قەلادزێ) لەکاتی دەوامی قوتابخانەدا. هەندێ لە خێزانەکان کە زیاد لە گەنجێکیان هەیە بەئاسانی گوندەکەیان بەجێدێڵن. ئەگەر بمێننەوە ئەوە مانای وایە کە زۆرینەی ئەندامانی خێزانەکان زۆربەی کات لەدەرەوەن و تێچوونێکی بەرچاوی تێدەچێت بۆ هاتوچۆکردن.

- **خزمەتگوزاریەکان:**

هەندێ لە دێهاتەکانی وەك زێوکەو بەستە کارەبای نیشتمانی تیادا نەبوو ڕێگاوبانیشی نەشیاو بوو بۆ هاتووچۆ کە ژیانی تێدا سەختتر کربوو,بەلام ئێستا دەنگۆی ئەوە هەیە کە پرۆژەی گەیاندنی کارەبا لە جێبەجێ کردندایە , هەروەها حاڵی حازر ڕێگەیەکی نوێ بۆ بەستە لە دووبارە چاکردنەوەدایە کە بە ناو گوندەکانی زێوکەو ئالیەڕەش دا تێدەپەڕێت , بەلام هێشتا زۆرێك لە گوندەکانی ئەم ناوچەیە پێویستیان بە خزمەتگوزاری لەم چەشنە هەیە .

## دەرەنجام

هیچ گومانی تێدا نیە کە هێرش و تۆپبارانە بەردەوامەکان لە ناوچەی پشدەر و ڕاگواستنی سالآنە لە گوندەکانەوە بۆ کەمپی ئاوارەکان و بە پێچەوانەشەوە کە بەردەوام کاریگەری ماڵوێرانی دەبێت و هەڕەشە لە هەموو لایەنەکانی ژیانی گوندەکان و پێداویستیە سەرەکیەکانی مرۆڤ دەکات.

### هێرشەکان:

- خەڵکانی مەدەنی دەکوژێت و بریندار دەکات.
- خانوو باخچەو کێڵگەو بەروبومە کشتوکاڵیەکان وێران و تێك دەشکێنێت.
- ئاژەڵەکان دەکوژێت و بریندار دەکات و لەوەڕگاکان تێك دەدات.
- خاکەکە پیس و ژاراوی دەکات هەروەها ئاو و هەواش .
- بەشێوەیەکی سلبی کاردەکاتە سەر:
  - ژیانی خێزانەکان
  - پەروەردەو دەستکەوتەکان
  - دۆخی بیر و هۆش (دڵخۆشی و ئاشتی بیر وهۆش و هتد)
  - سەلامەتی و ئاسایش
  - تەندروستی فیزیکی و عەقڵی کەسەکان
  - ئابوری گوندەکە

گوندنشینان مەترسی ئەوەیان هەیە کە تۆپبارانی بەردەوام لەکۆتاییدا هەڕەشە لە بوونی ئەو گوندانە و لە ناوچوونی پێناسی نەتەوەیی کوردی بکات لەو ناوچانە.



گوندی سونێ - بەهاری ٢٠١٢ - تۆبڵێ ی جارێکی تر خەڵکەکەی ئێرە جێبهێڵن و بچنەوە کەمپەکان

## بانگهێشت بۆ کارکردن

ئێمە داوا لە **حکومەتی تورکیا و کۆماری ئیسلامی ئێران** دەکەین بۆ ڕاگرتنی هەتا هەتایی ئەو چالاکیەکانی سەرسنوور کە ئازار دەگەیەنێت بە ژیانی خەڵکانی مەدەنی کوردی و تێکیان دەشکێنێت و داوایان لێدەکەین بیر لە ریگە چارەی ئاشتیانە بکەنەوە.

ئێمە داوا لە **حکومەتی هەرێمی کوردستان** دەکەین کە هەنگاوی سیاسی زیاتر بنێن بۆ ڕاگرتنی هێرشەکانی سەرسنوور هەروەها داوای ئەوەیان لێدەکەین لە ئاوارەکانەوە نزیك بن ,بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەوەی کە ئەوان پشتگیری و هاوپشتیوانی دەکرێن و قەرەبوو دەکرێنەوە لەبەرامبەر زەرەرو زیانەکانیانداو حکومەتیش لەوە دڵنیا بێت کە گوندەکان دووبارە چۆڵنەکرێنەوە.

ئێمە داوا لە **حکومەتی ناوەندی عیراق** دەکەین کە بانگهێشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بکات بۆ ئەوەی لەگەڵ تورکیا و ئێران تێهەڵبچێت بۆ کۆتایی هێنان بە سنور بەزاندن و هێرش و تۆپباران.

ئێمە داوا لە **کۆمەڵگای نێودەوڵەتی** دەکەین بۆ بەشداری و چالاکانەتر پشتیوانی گوندنشینە کوردەکان بکەن لە ناوچە سنوریەکان هەروەها هانی نوێنەرانیان بدەن بۆ ڕاگرتنی بۆمبارانی ناوچە سنوریەکان لەلایەن هەردوو وڵاتی تورکیا و ئێران.

ئێمە داوا لە **میدیاکان** دەکەین بۆ بەکارهێنانی هەر جۆرە شێوازێکی گونجاو بۆ ئەوەی کۆمەڵگای نێوخۆیی و دەرەکی تێبگەیەنین سەبارەت بە ڕاستیەکان و ئۆپەراسیۆنەکان وئە نجامەکانی سنور بەزاندن.

ئێمە داوا لە بەرپرسانی **ناوخۆیی** ناوچە سنوریەکان دەکەین بە تایبەتیش **قایمقام و مدیرناحیەکان** هەمە ئاهەنگی و هاوپشتیوانی زیاتری خەڵکانی زیان لێکەوتووی ناوچەکان بن, پێکەوە کاربکەن بۆ دۆزینەوەی ریگە چارە بۆ ڕاگرتنی تۆپبارانەکان.

CPT پێشتر لەساڵی ٢٠٠٢ لە عێراق کاری کردووە و لەساڵی ٢٠٠٦ وە کارەکانی گواستۆتەوە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق , کاردەکات بۆ بەڵگەو دوکومێنت کردنی دەرئە نجامی ئەو هێرش و سنوربەزاندنانەی دەکرێنە سەر هاووڵاتیانی مەدەنی گوندنشین کە هاوسنورن لەگەڵ هەردوو وولاتی تورکیا و ئێران, هاوڕێ یەتی ئەو گوندنشینانە دەکات لە مەینەتیەکانیاندا کە دەیانەوێ بە ئاشتی بژین.

بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی بوونی CPT لە کوردستانی عێراق: www.cpt.org/work/iraq

بۆ زانینی هەواڵ و چیرۆکی نوێ لە بارەی کاریگەریەکانی هێرش و سنوربەزاندنەکانی ناوچەی پشدەر و ناوچەکانی تری کوردستانی عێراق: www.cpt-iraq.blogspot.com

ڕاپۆرتی پێشکەش کراوی ( ژیانێکی شێوێنراو ) سەبارەت بە دەرئە نجام و کاریگەریەکانی هێرش و سنوربەزاندنەکان لە لایەن تورکیا و ئێران بۆ سەر گوندە کوردیەکان ئامادە و لەبەر دەستە لەم لینکە :
cpt.org/files/iraq/CPT-Jyaneki-Shewenraw-2012.pdf

**بۆ پەیوەندی کردن بە ئۆفیسی سلێمانی:**

٠٧٧٠ ٢٩١ ٦٤ ٨٧ (کوردی , ئینگلیزی , عربی )

٠٧٧٠ ٤٦٢ ٠٦ ٤١ ( ئینگلیزی )

ئیمێڵ: cptiraq@cpt.org

**بۆ پەیوەندی کردن بە ئۆفیسی نێودەوڵەتی CPT:**

Box 6508 - Chicago, IL 60680-6508 US
Tel: 773-376-0550 Fax: 773-376-0549
ئیمێڵ: peacemakers@cpt.org




## تیمەکانی دروستکەری ئاشتي مسیحی

### “بنیاتنانی هاوبەرژەوەندی بۆ گۆریني توندوتیژی و ستەم و زۆرداری”

تیمەکانی دروستکەری ئاشتی مسیحی CPT وەك رێکخراوێکی نێودەوڵەتی بۆ مافی مرۆڤ کاردەکات بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی, بۆ هیچ جۆرە قازا نجێك کارناکات , رێکخراوێکی ناحکومی یە. CPT ناتوندوتیـژی پێشـکەش دەکـات وەك ئەڵتـەرناتیڤ بـۆ شـەڕە کوشندەکان و ململانێکان , هاوپشتیوانی و پشتگیری ئەو کەس و گروپ و کۆمەڵگایانە دەکـات کـە ڕووبـەڕووی توندوتیـژی دەبنـەوە و ناتوندوتیژیان وەك ئەڵتەرناتیڤ هەڵبژاردووە. CPT هاوڕێیەتی ئەو کۆمەڵگایانە دەکات کە بە هۆی توندوتیژیەوە پێکـراون, بـە بەڵگە و دوکومێنت کردنی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ و داکۆکیکردن لە ڕێگەچارە ناتوندوتیژیەکان.

